# طوڵة سوورةكان

## شيروان خدر

بؤ : محةمةد سيتؤ

گوڵێکی سوور لەسەر ناوونیشانی
ئەدرێسی داخراوو
سەر دەفتەرەکانی تۆزلێنیشتووی یادەکان و
هەستی گیرۆدەمان جێماوە
پەنا بۆ چەند وشەیەکی دزراو دەبەین.
قاچەکانمان رامادەکێشێت و
ناوونیشانە خەیاڵییەکانمان پۆستی تازەیان بۆ دێت و
میواندارى شەکەت بوونێکی تازە دەکەین.
دانیشتنەکان لێرەو لەوێ کۆمان دەکاتەوە
گوڵە سوورەکانیش لێرەو لەوێ لێکمان جیا دەکاتەوە!
تۆ لە ماندووبوونێکا لە خۆت جیا دەبیتەوەو
لە پیاسەیەکی ئەو کۆڵانە نامۆیانەش سێبەری خۆت دەدۆزییەوە.
خوێن بە نێوچاوانتا گرموڵە دەکاو
دەفتەرەکەت بەسەر چاوتا دادەخرێ،
بەیانیانیش قاچەکانت بەرەو فەنا بوون دەتبا
ئێوارانیش..
خۆت وەک جانتا کۆنە هەڵواسراوەکانی قەیسەری هەولێر
دەگەڕێیتەوەو لچکی عەبایەکەی دایکت دەگری و
منداڵی و یادەکانی خۆت کۆ دەکەیتەوە
جانتایەک بۆ سەرەتای چوونە مەکتەب دەخەیتە سەرشان!
گوڵە سوورەکانیش جێدەمێنن

ناوونیشانەکانیش ونت دەکەن و

ئەدرێسە تازەکانیش سەرت قاڵتر دەکەن.

پەنجەکانیشت سڕ دەبن بە دیار تایپی نامە تازەکانەوە

گوڵە سوورەکان!

ئاخ بۆ گوڵە سوورەکان!

نە کوردن، نە ئەرمەنی، نە تورک ، نە عەرەب،

هیچ زمانێک پێکیان ناکات و

ئێواران لەسەر مێزەکەتەوە خۆیان دەنێژن!

6-6-2005 /سليماني